تەندروستی عێراق: ئاماری ئەم ساڵی تووشبووون و گیانلەدەستدانی بە تای خوێنبەربوون بڵاوکردەوە

وەزارەتی تەندروستیی عێراق دەڵێت، لەسەرەتای ئەم ساڵەوە 14 تووشبووی تای خوێنبەربوون تۆمارکراون و دوو کەسیان لە کێرکووک گیانیان لەدەستداوە.

سەیف بەدر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی عێراق، ئەمڕۆ شەممە 19ـی نیسانی 2025 لە راگەیەندراوێکدا ئاماری ئەم ساڵی تووشبووون و گیانلەدەستدانی بە تای خوێنبەربوون بڵاوکردەوە، "ئەم ساڵ لە سەرانسەری عێراقدا 14 تووشبووون بە تای خوێنبەربوون تۆمارکراون، کە دوو کەسیان گیانیان لەدەستداوە ".

تووشبووەکان بە گوێرەی پارێزگاکان بەم جۆرە دابەشبوون: شەش کەس لە پارێزگای زیقار، چوار کەس لە کێرکووک و یەک تووشبوو لە هەریەک لە بەغدا، موسەننا، نەینەوا و بەسرە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماژەی بۆکرد: "دوو گیانلەدەستدان لە پارێزگای کێرکووک تۆمارکراون، یەکێکیان کارمەندی وەزارەتی تەندروستی بوو".